## حیزبی دێموكراتی كوردستان: قەیران فكری و سیاسی یان شەڕی دەسەڵات؟ ... دەروازە

ناكۆكی و ناتەبایی فكری و تەشكیلاتی لە حیزبێكی سیاسیدا، نابێ بە نیشانەی لاوازی و قەیران بزاندرێ. بەپێچەوانە، لە حیزبێك، ئەویش لە حیزبێكی جەماوەری و دێموكراتدا، نەبوونی ناتەبایی و ناكۆكی فكری یان ئەفسانەیە یان خود ئەگەر هەقیقەتێكی هەبێت، هێمایەكە بۆ پرینسیپی سانترالیزمی دێموكراتیک و نەبوونی ئازادی دەربڕینی بیر و ڕا. لە حیزبێكی سەردەمییانە و مۆدێرندا، ناكۆكی و ململانی فكری دەبێ دەراوێک بن بۆ بەرەوپێشچوون و دۆخگۆڕیی فكری و سیاسی. بەڵام ئەگەر بنەماكانی ئەو ململانییە دیار نەبن؛ ئەگەر هۆكارەكانی ئەو ناكۆكییە لەگەڵ ئەنجامەكانی ناتەباییەكە تێكەڵ بكرێن؛ ئەگەر دیالۆگ و دانوستاندنێكی دۆستانە و دڵسۆزانە لە نێوان هەڵگرانی ئەو بیرۆكە ناكۆكانەدا ساز نەبێ؛ یان ئەگەر چارەسەرێكی ئێمرۆیی‌یانە بۆ ئەو ململانییە ناوخۆییانە نەدۆزرێنەوە و بەتایبەت ئەگەر ئەو ناتەباییانە، لە بری ئەوەی لە ئاستێكی سیاسی و فكریدا خۆیان دەرخەن، ببن بە هەوێنێك بۆ هێرشی شەخسی و تاوانباركردن و بریندارکردنی یەكتر، ئەوسا ناكۆكییەكی وا، حیزبێك تووشی قەیران دەكات. حیزبی دێموكراتی كوردستان بەداخەوە ئێستا تووشی قەیرانێكی وا هاتووە. قەیرانێک كە تا ئێستاش بەشێكی بەرچاوی ئەندامانی حیزب یان نكۆڵی لێدەكەن، یان خود وێنەیەكی ناراست و هەڵە لە هۆكارەكانی ئەو قەیرانە پێشكەش دەكەن و ئەو قەیرانە دادەكێشنە ئاستی ناكۆكییەكی ناوخۆیی.

ئەو ململانییە ناخۆییە بەداخەوە لە قەوارە و فۆرمی ئێستایدا نە تەنیا هیچ خێرێكی بۆ خودی حیزب و بۆ جووڵانەوەی نەتەوەیی كورد نییە، بەڵكو بگرە دەتوانێ سەرچاوەی گەلێ زیان و خەسارە بێت. هەڵبەت كێشەی ناوخۆیی حیزبێك، بەر لە هەموو شت دەبێ لە ناوەوە و لە ڕێگەی دامودەزگا و لەسەر هەوڵ و كۆششی ئەندامانی ئەو حیزبەوە چارەسەر بكرێت. بەڵام كێشەی حیزب كە بوو بە قەیران، كێشە و پرسی هەموو جووڵانەوەشە. واتە هیچ كەس ناتوانێ هەر وا بە سانایی، پێی وابێ كێشە و قەیرانی ناوخۆیی حیزب پێوەندی بە خەڵكانی دەرەوەی حیزبی دێموكراتەوە نییە. حیزبی دێموكرات، هێزێكی سەرەكی جووڵانەوەی كوردییە لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان و بۆیەش چارەنووسی ئەو حیزبە گرینگی تایبەتی هەیە بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی كورد. هەر بەو پێیەش ئێمە ئەو هەقە بە خۆمان دەدەین وەک هەندێ دڵسۆزی كورد، بەشی لە بیروڕاكانمان ئاڕاستەی خوێنەران بكەین، بەو هیوایە كە یارمەتیدەرێكی چارەسەرێكی شیاوی ئەو قەیرانە بێت.

بە لەبەرچاو گرتنی ئەو بارودۆخە، دوو پرسیار دێنە ئاراوە: یەكەم، ئایا تا ئێستا شیمانەی هاوژیانی سیاسیی ئەو دوو لابالە لە حیزبی دێموكراتدا ماوە و ئەگەر ئا، چۆن دەكرێ ئەو قەیرانە زیانمەندەی ئێستا بگوێزرێتە ناو دەراوێكی ململانی سیاسی و فكری دۆستانە و بەرهەمهێنەر؟ دووەم، لە حاڵەتێكدا، ئەو هاوژیانییە بە هەر هۆیەک ئیتر مەیسەر نەبێ، ئەوسا چ ڕێگەیەک و چ چەشنە جیابوونەوەیەک كەمترین خەسارە و زیان بە حیزب و بە جووڵانەوەی كوردی دەگەیەنێ؟ وەلامدانەوە بەو پرسیارانە لە ڕاستیدا بەندن بە چۆنییەتی ڕوانین و چەشنی نرخاندنی هۆكار و زەمینەكانی ئەو قەیرانە. هەر بۆیەش بەر لە وەڵامدانەوە بەو پرسیارانەی سەرەوە، پێویستە ئاوڕێكی سەرپێی لە بەشێ لەو هۆكارانە بدەینەوە.

جیاوازی ئەو قەیرانە لەگەڵ قەیرانەكانی پێشوو

حیزبی دێموكراتی كوردستان لە مێژووی خۆیدا زۆر جاران تووشی ناكۆكی ناوەكی هاتووە و چەند جارێكیش ئەو ناتەباییانە حیزبی تووشی دابڕین و كەرتبەندی كردووە. لەو گۆشەنیگایەوە، كێشە و گرفتی ئێمڕۆی حیزب ڕەنگبێ وەک دیاردەیەكی نوێ یان ڕیزپەڕ لە قەڵەم نەدرێت. بۆیەش جێی

خۆیەتی کە ئەو دیاردەیە و ئەو مێژوویە، هەرنا ئەمجارەیان ئەو پرسیارە لە مێشکماندا بورووژێنێ کە ڕیشە و بنەمای ئەو قەیرانە خولەکیانەی (دەورەییانەی) حیزب تووشیان دێت، لە کوێوە سەرچاوە دەگرن و هۆکارەکانی سەرهەڵدانیان چییە؟ کە وایە ئێمە نابێ ڕەوت و سەرهەڵدانی کێشەی ئەمجارەی حیزب لە کێشە و قەیرانەکانی پێشووی حیزب جیا بکەینەوە. چونکو بەداخەوە نە تەنیا خودی قەیرانەکە، بەڵکو بگرە شێوەی هەڵسوکەوت و ئەمرازی چارەسەری ئەو قەیرانەش لە زۆر ڕووەوە هاوێنەیی و وێکچوونی لەگەڵ چارەسەرەکانی پێشوودا هەیە.

لە لایەکی دیکەوە، دەبێ ئەوە لەبەر چاو بگرین کە قەیرانی ئێمڕۆی حیزبی دێمۆکرات لە هەندێ ڕووەوە تەواو جیاوازە لە قەیرانەکانی پێشوو. واتە ئەگەرچی ناکرێ ئەو قەیرانەی ئێستای حیزب لە دەرەوەی مێژوو و لە دەرەوەی ئەو پێشخانە سیاسی، مێژوویی و کۆمەڵایەتییەدا ببینین کە حیزب تێدا تووشی گرفت و کێشەی ناوخۆیی هاتووە، بەڵام لە هەمان کاتدا، قەیرانی ئێمڕۆکەی حیزب خاوەنی هەندێ ماک و ڕەهەندی نوێیە، کە پتر پێوەندییان بەو گۆڕانکارییانەی ئەو دوو دەیەی دواییەوە هەیە تا مێژووی پێشووی حیزب. بەم واتایە، قەیرانی حیزب ئەگەرچی لە هەندێ ڕووەوە، درێژەی قەیرانەکانی پێشوویە، بەڵام لە هەندێ ڕووی بنەڕەتییەوە، دیاردەیەکی نوێیە. لەو پێوەندییەدا ڕەنگبێ هەڵە بێت ئەگەر ئێمە قەیرانی حیزبی دێمۆکرات لەو قەیرانە گشتییە هەڵاوێرین کە ئێمڕۆ بەرۆکی زۆربەی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی لە جیهاندا گرتووە.

مامڵەی حیزب لە گەڵ ئەو قەیرانە

سەرهەڵدانی قەیران لە ناو حیزبێکی سیاسیدا، مەرج نییە هۆکارەکانی هەمیشە ناوەکی بن. زۆر جاران هۆکاری سەرەکی قەیرانی حیزبێک بەر لەوەی لە پێوەندییە ناوخۆییەکاندا بێت، دەتوانێ لە فکر و ڕوانگەیەکدا بێت، کە ئەو حیزبە هەڵیبژاردووە. بەو مانایە سەرهەڵدانی قەیران لە حیزبێکدا نەتەنیا شتێکی زۆر نائاسایی نییە، بەڵکو بە تایبەت لە دۆخی گوازتنەوە یان لە قۆناغی هەستیار و پڕ لەگۆڕانکاریدا، دیاردەیەکە کە زۆر سروشتی دەنوێنێ. ئەوەی گرینگە، بوونی خودی قەیرانەکە نییە، بەڵکو دان پێنان بەو قەیرانە و، هەنگاونانەوەیە بۆ تاوتوێکردن و لێکدانەوەی هۆکار و سەرچاوەکانی ئەو قەیرانە. هیچ قەیرانێک، چ حیزبی، سیاسی، کۆمەڵایەتی یان تەنانەت شەخسی، بە شێوەیەکی خۆبەخۆ چارەسەر نابێت. قەیرانێک دەکرێ کپ کرێت، نکۆڵی لێ بکرێت، ناوی دیکەی لەسەر بنرێت و داکێشرێتە ئاستی گرفتێکی ئاسایی، بەڵام لەو حاڵەتانەدا ئەو قەیرانە بێگومان دووبارە لە شوێن و کاتێکی دیکە و لە شێوازێکی دیکەدا سەرهەڵدەداتەوە. هەر بۆیەشە یەکەم هەنگاو بۆ چارەسەری هەموو قەیرانێک دەبێ دانپێنان و پێناسەکردنی ئەو قەیرانە بێت.

هێزە سیاسییەکانی کوردی و لەوان، حیزبی دێمۆکرات خاوەنی نەریتێکی بەهێز نین لە ئاوڕدانەوە و نرخاندنی ڕەخنەگرانەی مێژووی سیاسی و هەڵەکانیان. لە مێژووی سیاسی کورددا، زۆر جاران ململانی و قەیرانەکان یان نکۆڵییان لێ کراوە یان داکێشراونەتە ئاستی کێشە و ململانی نێوان چەند کەس یان کێشەی نێوان لایەنێکی بەهەق و لایەنێکی لادەر. ئەو قەیرانەی ئێستای حیزبی دێمۆکرات تا ئێستا هەر بەو شێوەیە پێناسە کراوە. بۆیەش ئێمە نابێ لە گووتنی ئەو ڕاستییە ڕاڕاییمان بێت کە ئەو شێوە هەڵسوکەوتە، کێشە و ململانی حیزبی هێناوەتە ئاستێکی دزێو و ئەو شێوەیەش، تا رادەیەک ئەنجامی ئاسایی نکۆڵی ئەو قەیرانەیە کە بەرۆکی حیزبی گرتووە. لە ڕاستیدا هەرکات لایەن یان حیزبێک بیەوێ نکۆڵی لە شتێک بکات، کە واقعێکە، لە کردەوەدا و لە دوایین قۆناغدا ناچار دەبێت ڕوو بکاتە سڕینەوەی نیشانە و هێماکانی ئەو دیاردەیە. سڕینەوەیەک کە لە کردەوەدا چەشنە مەحف و نکۆڵییەکی فیزیکی بەدواوە دەبێت. ئەمەش نە شتێکی نوێیە و نە تایبەتە بە حیزبی دێمۆکرات. ئەوە لۆژیکی بەشێ لەو شەری براکوژییانە و تەسفییە و تێرۆری کەسایەتیانەیە کە لای ئێمە نموونەیان کەم

نەبووە و نییە. جا ئەگەر ئێمڕۆ بارودۆخەکە ئیجازەی ئەو سڕانەوە فیزیکییە لە شیوەی شەڕی براکوژی نادات، شیوەی تێرۆری کەسایەتی دەبێتە هێمای سەرەکی ئەو لۆژیکە.

قەیرانی تەشکیلاتی یان قەیرانی فکری و سیاسی؟

کێشە و ناتەباییەکانی ئێستای حیزب بەرهەمی کۆنگرەی سێزدە نین، بەڵام ئەو کێشانە دوای کۆنگرەی سیزدە بە هۆی جیاواز، شێوەیەکی توندتر و بەرجەستەتریان بەخۆوە گرتووە. ئەوەی لەو نێوەدا سەرنجراکێش و لە ڕاستیدا جێگای سەرسووڕمانە، ئەوەیە کە هیچکام لە لاباڵەکانی حیزب، تا ئێستا بە فەرمی باسی قەیرانی سیاسی حیزبیان نەکردووە. کە وایە ئەوە تەنیا لاباڵێکی حیزب نییە کە نکۆڵی لەو قەیرانە دەکات، بەڵکو لاباڵەکەی دیکەش، بە ساکارکردنەوەی کێشەکان و داکێشانی ئەو قەیرانە بۆ ئاستی کێشەیەکی تەشکیلاتی و ناوخۆیی، بە شێوەیەکی دیکە، هەمان نکۆڵی دووپات دەکاتەوە. ئەوەش هێمایەکە بۆ دوو ڕەهەندی گرینگی کارەساتێک.

ئەزموونی مێژوویی حیزبی دێمۆکرات و هێزە سیاسییەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەوەیان سەلماندووە کە نکۆڵی لە قەیران و کەڵکوەرگرتن لە شێوازی نەریتی بۆ چارەسەری کێشەکان، بەرهەمهێنەر و چارەساز نییە. پێناسەکردنی قەیرانێک وەک کێشە و نێوان ناخۆشی چەند کادر یان نەگونجانی چەند کەسایەتی و، لە درێژەی خۆشیدا سووکایەتی کردن بەو کەسانە، ڕێگایەکە کە زۆر جاران تاقیکراوەتەوە و جگە لە زیان بۆ جووڵانەوەکەمان ئەنجامێکی دیکەی نەبووە. ئەگەر کێشەیەک داکێشرێتە ئەو ئاستە، هیچ چارەیەک نامێنێ جگە لە دەرکردن و حەزفکردنی لایەنێک یان خود چوونەدەر، جیابوونەوە و دابڕانی لایەنەکەی دیکە. بەو مانایە پێناسەکردنی قەیرانێکی سیاسی وەک کێشەیەکی تەشکیلاتی، خۆی لە خۆیدا ڕێگەی تەسفییە و سزادان دەکاتەوە و تەنانەت شەرعییەتیش بەو ڕەوتە و چەشنە مامڵەیە دەدات. هەر وەک چۆن ئەو چەشنە پێناسەکردنە، لە کردەوەدا هەموو چەشنە دابڕان و جیابوونەوەیەکیش دەکاتە بە ئەنجامی ناتەبایی و شەڕی دەسەڵات و کورسی لە حیزبدا و بۆیەش بە زەحمەت دەتوانێ سیمپاتی و هۆگری خەڵکی دەرەوەی حزیب بەرەوخۆی ڕاکێشێ.

چونکو ئەگەر کێشەی حیزب لە ڕاستیدا ئەو کێشەیە بێت کە بە ڕواڵەت لە دەرەوەی حیزب دەبیسترێ و ئەویش بریتییە لە کێشەی دەسەڵات و شەڕە کورسی چەند کادر و سەرکردەی حیزب، ئەوسا ئەو کێشەیە گەیشتۆتە ئاستێک کە بمانەوێ یان نا، بۆ لایەنێک چارەسەرێکی جیا لە جیابوونەوە بەدی ناکرێت و بۆ لایەنەکەی دیکەش، باشترین ڕێگا چارەسەری ئەو کێشەیە، دەبێتە دەرکردن و خستنەپەراوێزی ئەو کەسانەی کە ئاوتۆریتە و شەرعییەتی سەرکردایەتی هەڵبژاردراوی کۆنگرە دێننە ژێر پرسیار. ئەگەر کێشەکە ئەوە بێت، ئەوسا ئەو کێشەیە کۆتایی نایەت و هیچ کۆنگرەیەکیش ناتوانێ کۆتایی پێ بێنێ، بەڵکو تەنیا دەتوانێ جێگۆڕکێ بە لایەنەکانی زاڵ و دەسەڵاتدار بکات. بۆیەش لەو حاڵەتەدا بۆ حیزبێک کە بیەوێ خۆی لە کۆڵ ئەو شەرە ناوخۆییە بکاتەوە، حەزف و دەرکردن و وەلانانی ئەو لاباڵە، باشترین ڕێگەیە. ئەگەر کێشەی حیزب لە ڕاستیدا کێشەی چەند کادر و سەرکردەی برسیی دەسەڵات بێت، دیالۆگ و گفتوگۆیەکی سازندە هیچ مانایەک نادات، بەڵکو لە باشترین حاڵەتدا بە گوێرەی هاوسەنگی هێزەکان، قسە دەبێ لەسەر سازش و ڕێککەوتن بێت و لە حاڵەتی خراپیشدا، پیلان و ژێرپێی یەکتر لێدانە کە دەتوانێ چارەسەری کێشەیەکی ئاوا بکات. بەڵام پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە ئایا بە ڕاستی سەرکردایەتی و کادرەکانی حیزبی دێمۆکرات پێیان وایە ئەو قەیرانە، قەیرانێکی تەشکیلاتی یان خود کێشەی هەندێ لە کادرەکانە لەسەر پلە و مەقام؟

تا ئێستا لە باسی ئەو کەسانەی کە خۆیان بەفەرمی بەشێکن لە کێشەکە، وادەردەکەوێ کە ئەوان کێشەکەیان بەر لە هەموو شتێک بە کێشەیەکی تەشکیلاتی دەزانن. لە دەرەوەی ئەو کێشەیە، ئەحمەد عەزیزی یەکێ لەو دەگمەن کەسانە بووە کە هەڵسەنگاندێکی بابەتی لە سەر کێشەکە وەک کێشەیەکی

سیاسی و فکری هەبووە. بە بڕوای ئێمەش ئەو قەیرانەی حیزب لەگەڵیدا بەرەو ڕوویە، قەیرانێکی لە بنەڕەتدا فکری و سیاسییە، بەڵام ڕەنگدانەوەی خۆشی لە سەر ڕەهەندەکانی تەشکیلاتی داناوە. یان با بە شێوەیەکی دیکە ئەو قسەیە فۆرمۆڵە بکەین: قەیرانی تەشکیلاتی حیزبی دێمۆکرات تەنیا یەکێک لە ئەنجامەکانی قەیرانێکی سیاسی و فکرییە، تا کاتێکیش ئەو قەیرانە فکری و سیاسییە، سەرچاوە، هۆکار و بنەماکانی دەستنیشان نەکرێن و چارەیان بۆ نەدۆزرێتەوە، قەیرانی تەشکیلاتی حیزبیش هەر بەردەوام دەبێت. پێناسەکردنی ئەو قەیرانە وەک قەیرانێکی فکری و سیاسی بەتایبەت لەو ڕوویەوە گرینگە، کە یەکەم دەکرێ هۆکارەکانی دەستنیشان بکرێن و دووەم، دەکرێ ڕێگە چارەیەکیان بۆ بدۆزرێتەوە، ئەگەر چی ئەو ئەرکە، ئەرکێکی هاسان و ساکار نابێت.

سەرچاوە و هۆکارەکانی ئەو قەیرانە

دیارە دەستنیشانکردنی هەموو ئەو هۆکار و بنەمایانەی حیزبی دێمۆکراتی تووشی قەیران کردووە، پێویستی بە کار و هاوفکرییەکی کۆیی هەیە و لەو پرۆسەیەشدا، خودی حیزب دەبێ دەوری سەرەکی بگێڕێ. بۆیە مەبەستی ئەو وتارە تەنیا ئاماژەیەکی خێرایە بە هەندێ لەو هۆکارانە و ئیدیعای هەڵسەنگاندنێکی تێروتەسەلی نییە.

1. هۆکارە دەرەکییەکان

یەکەم خاڵی گرینگ کە دەبێ فەراموش نەکرێت، ئەوەیە کە قەیرانی حیزبی دێمۆکرات، قەیرانێکە کە لە ڕاستیدا لەو ساڵانەی دوایی بەربینی فرە حیزب و ڕێکخراوی سیاسی جیاوازی لە ناوچە و جیهاندا گرتووە. بەو واتایە، قەیرانی حیزب ناکرێ لەو قەیرانە گشتییە جیا بکرێتەوە کە زۆربەی هەرە زۆری هێزە سیاسییەکانی جیهان گرفتاری هاتوون. ئەگەر ئێمە سەیری ئەو قەیرانە لە ئاستێکی گشتیدا بکەین، وا دەکرێ لانی کەم ئاماژە بە چەند فاکتۆری گرینگ بکەین.

1. نەمانی بلۆکبەندی و کۆتایی شەڕی سارد، کە هاوکات لە گەڵ باڵادەستی و هێژمۆنی لیبراڵ دێمۆکراسی، پێداویستی ڕیزبەندییەکی دووبارەی سیاسی و پێناسەکردنێکی دووبارەی پێوەندییەکانی هێناوەتە ئاڕا.

2. ئەنجامێکی دیکەی ئەو گۆڕانکارییە، تێکچوونی ئەو بنەما سیاسییانە بوو کە پێشتر بە سانایی شەرعییەتێکی نێونەتەوەیی بە زۆر جووڵانەوە دەدا. ناسیۆنالیزمی کورد ناچارە دووبارە پێناسەیەکی نوێ و جیاواز بۆ خۆی دیاری بکات.

3. قەیرانی فکری چەپ و سوسیال دێمۆکراسی (هەڵبەت ئەوە لیبرالیزم و کۆنسێرڤاتیڤەکانیش بە شێوەیەکی دیکە دەگرێتەوە) . ئەو قەیرانە لە پلەی یەکەمدا پێوەندی بە ڕوانین بە دادپەروری کۆمەڵایەتی و چۆنییەتی بەدیهێنانی و هەروەها پێوەندی بە هەڵوێستە و ڕوانگەی ئەو هێزانە لەگەڵ واقعی ئابووری بازاری و مامڵە لەگەڵ کاپیتالیزم لە سەردەمی گلوبالیزاسیۆندا هەیە.

4. شەڕی چەکداری بەتایبەت دوای یازدەی سێپتەمبر لە زۆر ڕووەوە ڕەوایەتی لە ئاستێ پێوەندییە نێونەتەوەییەکاندا کەم بۆتەوە. خودی گلۆبالیزم و شێوازە نوێیەکانی پێوەندیش، هەندێ گۆڕانکاری بنەڕەتی لە کار و شێوەی خەباتی جووڵانەوە چەکدارییەکانی پێشوودا پێویست کردووە.

5. بە گوێرەی ئەو چوار خاڵانەی سەروو، کارتێکەری و دەوری گۆڕانکارییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەت دوای شەڕی یەکەمی کەنداو و دواتریش ڕووخانی سەدام، کە هەم دەرفەتێکی مێژوویی بۆ کورد ڕەخساندووە، هەمیش لە هەندێ ڕووەوە بۆتە سەرچاوەی قەیرانێکی فکری.

1. 2. کۆتایی شەڕی سارد

کە وایە یەکێک لە هۆکارەکانی ئەو قەیرانە گشتییە، گۆڕانکارییەکی خێرا و گرینگی سیاسی و فکرییە کە لەو دوو سێ دەیەی دواییدا دەستی پێکردووە. گۆڕانکارییەک کە بۆتە مایەی سازبوونی قەیرانێکی

فکری و سیاسی. مەبەست لەو گۆڕانکارییانە، گوێزتنەوە لە دنیایەکی دوو جەمسەری و شەری ساردەوە، بۆ دونیایەکی یەکجەمسەری یان جیاواز. لەو گوازتنەوەیەدا، زۆر وەڵامی سیاسی، کارایی خۆیان لە دەست دا و سیاسەت بە یەک مانا زۆر ئاڵۆزتر بوو. لەو گۆڕانەدا بنەمای بەشێک لەو بیرۆکانەی کە تا دوێنێ بنەمای ئیدیۆلۆژیکی ئەو حیزبانەیان پێک دێنا، تێکڤرمان. دووژمنانی کۆن بوون بە دۆستانی تازە. دۆستانی کۆن تێداچوون و لە نەخشەی سیاسی پاک بوونەوە. ئەو تێکچوونە، تەنیا تێکچوونێکی فیزیکی هەندێ وڵاتی سوسیالیستی نەبوو، بەڵکوو لە هەمان کاتیشدا، هەڵوەشانەوە و توانەوەی هەندێ لەو بیروباوەڕانە بوو کە کۆڵەکەیەکی حیزبایەتی و سیاسەتی ئێمەی پێکدێنا.

کە وایە دەکرێ کۆتایی شەری سارد و هەرەسهێنانی وڵاتانی سوسیالیستی بە سەرشاری ئەو قەیرانە دابنێین، قەیرانێک کە تەنیا داوێنی حیزبی دێمۆکراتی نەگرتۆتەوە، بەڵکو هیچ حیزبێکی جددی سیاسی نەیتوانیوە خۆی لێ بشارێتەوە. چونکو بە ڕووخانی ولاتانی سوسیالیستی و تێکچوونی هاوسەنگی دوو بلۆکی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەلات، لە ڕاستیدا بۆشاییەکی پێناسەیی ساز بوو کە بەرۆکی هەموو لایەنەکانی گرتەوە. ئەو هێزانەی خۆیان لە بەرەی چەپ و سوسیالیزمدا دەبینی، ناچار بوون تاریفێکی دیکە لە خۆیان ئاراستە بکەن. ئەو هێزانەی خۆیان لە بەرەی ڕاست و کاپیتالیزمدا دەبینی، ناچاربوون خۆیان ئەمجارە لەگەڵ دنیایەکی یەکجەمسەریدا هاوجووت بکەن.

1. 3. گرفتی پێناسە

حیزبی دێمۆکرات هەڵبەت یەکێ لەو دەگمەن حیزبانە بووە کە لە سەردەمی شەهید قاسملودا هەولی دووبارەپێناسەکردنەوەی خۆی دا. پێناسەکردنی حیزبی دێمۆکرات وەک حیزبێکی سوسیال دێمۆکرات لە ڕاستیدا هەم هەنگاوێکی نوێ و هەمیش داهێنەرانە بوو. ئەو هەنگاوە ئەگەرچی لە ئەنجامدا بووە پێناسەی فەرمی حیزب، بەڵام نەیتوانی وەک بیرۆکەیەک جێگای خۆی بکاتەوە و فۆرمی گونجاوی سیاسی و ڕێکخراوەیی بۆ دابهێندرێ، بەڵکو زیاتر وەک شێوە بەربەرەکانییەک لە بەرانبەر بەشێکی دیکەی ناو حیزب کەڵکی لێوەرگیرا. لە هەمان حاڵدا نابێ ئەوە لە یاد بکەین کە هێنانەئاڕای بیری سوسیال دێمۆکراسی لە ناو حیزبی دێمۆکراتدا هاوکات بوو لە گەڵ قەیرانی ئەو بیرە و و بنەما فکرییەکانی سۆسیال دێمۆکراسی لە ئوروپا، قەیرانێک کە ئێتر لە کۆتایی هەشتاکاندا زۆر بە ئاشکرا باسی لێدەکرا.

لەو بارودۆخەدا حیزب دەیەویست فکر و پێناسەیەکی فکریی نوێ بخاتە سەر ئەستۆی هەمان کادرە کۆن و هەمان ستروکتوری تەشکیلاتی و فەرهەنگی سیاسی، بەبێ ئەوەی ئاڵوگۆڕێکی فکری ئەوتوێ لە ڕەوتێکدا شکڵی گرتبێ و ئامادەییەکی ئەوتوێ بۆ ئەو گوازتنەوەیە ساز کرابێ. لە لایەکی دیکەوە، بەشێکی بەرچاوی کادرەکانی حیزب خۆیان هەر وەک سوسیالیست و چەپ لە قەڵەم دەدا و نزیکبوونەوە لە سوسیال دێمۆکراسیان پێ بە هەنگاوێکی هەڵە و لاکردوو دەزانی. ئێمە بەبێ ئەوەی بمانەوێ باسی کەموکورییەکانی ئەو گوازتنەوە پێناسەییە لە حیزبدا بکەین، تەنیا دەمانەوێ ئاماژە بە خاڵێک بکەین کە فرە گرینگە، ئەویش ئەوەیە کە حیزب سەرەڕای ئەوەی لە ئاستی سیاسییەوە دەیەویست هەولی گۆڕینی پێناسەی خۆی بدا، لە ئاستی فکری و بەتایبەت تەشکیلاتیدا، گۆڕانێکی بەسەر نەهات و هیچ هەولێکیش بۆ گۆڕانێکی چۆنایەتی نەهاتە ئاراوە. هەر ئێستاش تەشکیلاتی حیزب، وەک زۆربەی ڕێکخراوەکانی دیکەی ناوچە، زیاتر فۆرمێکی لێنینی هەیە. ئەو فۆرمەش تەنیا پێوەندی بە تەئسیری چەپ و هێزە کۆمۆنیستەکانی ناوچەوە نییە، بەڵکو بەشێکی پێوەندی بەوەوە هەیە کە سانترالیزمی دێمۆکراتیکی لێنینی، بە شێوەیەکی زۆر باش، لەگەڵ ساختاری کۆمەڵایەتی و سیاسی نادێمۆکراتیکی وڵاتی ئێمە و هەروەها لە گەڵ سیستمی باوکسالارانە و شێوە ژیانی حیزبە چەکدارەکاندا هاوگونجاوە.

لە هەشتاکاندا، هێزە نوێلیبراڵەکان بوونە خاوەنی هێژمۆنییەکی سیاسی. هەندێ بیرمەندی ئەوروپی ئەو قۆناغەی دوای هەشتاکان وەک قۆناغێکی "دواسیاسی" پێناسە دەکەن و مەبەستیان ئەوەیە کە سیاسەت بە شێوەیەک لە ناوەرۆکی پێشووی خۆی بەتاڵ بوو و زیاتر بوو بە هونەری کارگێڕییەکی ئابووری. بەم چەشنە لەو بارە دواسیاسییەدا، هیچ چەشنە ململانییەکی سیاسی، ئیدیۆلۆژیکی یان فکری نەما و سیاسەت بووە بە چەشنە هاوکارییەک لە نێوان کۆمەڵێ پسپۆری بواری جیاواز. رەنگبێ کەس وەک سیاسەتڤانی نوێلیبرالی ئەمریکی، فرانسیس فۆکویاما، ئەو بارەی ڕامان نەکردبێ کاتێ لە هەشتاکاندا بانگەشەی کۆتایی مێژوو و سەرکەوتنی یەکجارەکی سیستمی لیبرال دێمۆکراسی راگەیاند.
لەو قۆناغەدا، زۆربەی هەرە زۆری ئەو هێزانەی خۆیان وەک چەپ یان خود دژی ئیمپریالیستی یان دژی سەرمایەداری پێناسە دەکرد، تووشی قەیران هاتن. ئەو قەیرانەش نەک هەر حیزبە کۆمۆنیست و چەپەکان، بەڵکو سوسیال دێمۆکرات و تەنانەت سوسیال لیبراڵەکانیشی گرتەوە. بۆ وێنە لە ئوروپادا بیرۆکەی "ڕێگەی سێیەم" هاتە ئاراوە کە لە کردەوەدا دەستهەڵبرینێک بوو لە بەرانبەر نوێلیبرالیزمەکاندا. بۆیەش ئەوە سەیر نییە کە لەو ماوەیەدا بەشێکی زۆر لە حیزبە سوسیال دێمۆکراتەکانی ئوروپی خۆیان لە ناوەند نزیک کردۆتەوە و سنووربەندی هێزەکان لە سەر پێوارەکانی پێشوو و بەتایبەت بە پێواری چەپ و ڕاست فرە دژوار بووە.
نەمانی سنوورێکی ڕۆشن لە نێوان چەپ و ڕاست لەو ڕووەوە گرینگ نییە کە حیزبی دێمۆکرات ئیدیعای سوسیالیستبوون و چەپایەتی کردووە. حیزبی دێمۆکرات بە شێوەیەکی سەرەکی خۆی وەک حیزبێکی نەتەوەیی و ناسیۆنالیست پێناسە کردووە و دەکات. بەڵام سەرەڕای ئەوەش، ناسیۆنالیزم و نەتەوەییبوونی حیزبی دێمۆکرات هەمیشە بنەمایەکی دادپەروەری کۆمەڵایەتی لەگەڵدا ئامێتە بووە و سوسیالیزم وەک یەکێ لە ئامانجەکانی ئەو حیزبە دیاری کراوە. هەر بۆیەشە کە حیزب هەمیشە توانیوێتی بەشێکی گرینگ لە هێزە عەداڵەتخوازە نەتەوەییەکان بکێشێتە ناو خۆی.
نەمانی ئەو سنوورە لەو ڕووەوە دەکرێ وەک یەکێ لە سەرچاوەکانی قەیرانی حیزب بزاندرێ، چونکو ئەو رەوتە حیزبیشی گرتەوە و لە پڕ حیزب لە کردەوەدا سنوورێکی ئەوتۆیی لەگەڵ هێزەکانی لیبراڵ، نوێلیبراڵ نەما. بۆ وێنە سەیرێکی سیاسەتی دەرەوەی حیزب لەو ساڵانەی دواییدا بکەین؛ چاوێک لە هەڵوێستی حیزب لە بەرانبەر ئەمریکادا بکەین؛ یان دوور نەڕۆین و بەیانی هاوبەشی حیزب و پان ئیرانیستەکان وەبیر خۆمان بێنینەوە. ئەوانە دیارەگەلێکی بەرێکەوت نەبوون، بەڵکو ئەنجامی ئەو سنوورسڕینەوەیە بوون، کە ئیتر حیزبی وەک زۆر هێز و ڕێکخراوی دیکە تووشی دەستهەڵبرینێکە لە بەرانبەر ئەو نەزمە سیاسییەدا کرد کە بە زمانی ڕۆژانە وەک واقعێکی سیاسی باسی لێدەکرێت.
لەو نێوەدا حیزبی دێمۆکرات وەک حیزبێکی نەتەوەیی و بەبێ بەرجەستەکردنەوەی دادپەروەری کۆمەڵایەتی، تەنیا خودموختاری پێماوە. بەڵام بە بڕوای ئێمە لەو حاڵەتەدا، حیزب نەیدەتوانی بە دروشمی خودموختاری پێناسەیەکی بەهێزی سیاسی و نەتەوەیی بۆ خۆی ساز بکات. واتە لە کاتێکدا حیزب لە قۆناغی شەڕی ساردا کێشەی کوردی وەک کێشەی کەمینەیەک باس دەکرد، لەو قۆناغە نوێیەدا نەدەکرا چیدیکە ئەو کێشەیە بخرێتە خانەی گرفتی کەمایەتییەکان. ئەو ڕاستییەش تا ڕادەیەک لەو ئاڕاستە نوێیەی هێزە سیاسییەکان و هێنانەئاڕای فێدراڵیزم لە جیاتی خودموختاری دەردەکەوێ. گرفتێکی ئەو قۆناغەش بەداخەوە بەشێکی لەو شێوە ڕوانینە دایە لە فێدراڵیزم کە لە کردەوەدا کورد دووبارە دەکاتەوە بە پاشکۆی سیاسەتی ئێرانییەکان. لێرەدا مەسەلە بەرهەڵستی لەگەڵ فێدراڵیزم نییە، بەڵکو جەختکردنە لە سەر ئەو خاڵە کە تا ئێستا بەداخەوە ناوەرۆکی ئەو فێدرالیزمە حیزب داوای دەکات، روون نییە و دیار نییە کە ئەو ستراتێژییە نوێیە بە چ شێوەیەک دەتوانێ سەکۆیەکی شیاو بێت بۆ ماملە لەگەڵ هێزە ئێرانییەکان و داڕشتنی سیاسەتێکی گونجاو و

جیاواز لە جاران. تا ئێستاش دیار نییە کە ئەو گۆڕانکارییە لە چ ڕوویەکەوە گۆڕانکارییەکی پێناسەییش بووە.

بۆ خودموختاری و فێدرالیزمی ئێستای حیزبی دێمۆکرات ناتوانێ روخسار و کاراکتەرێکی کافیی پێناسەیی بۆ حیزب ساز بکات؟ بەو هۆیە سادەیە کە فاکتۆرە دەرەکییەکان پرسی کوردیان گەیاندۆتە قۆناغێکی نوێ و، بەرنامەی سیاسی حیزبی دێمۆکرات بە شێوازێکی فرەلایەنە بەو شوناس و ناسنامەیەی کورد گرێدراوە کە تایبەتی قۆناغی شەڕی سارد بوو. بەڵام ئێستا کورد بۆ یەکەم جار دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان ئەو فرسەتەی بۆ هەڵکەوتووە کە کێشەکەی لە دەرەوەی پرسی ئێران و وەک کێشەیەکی سەربەخۆ بێنێتە بەر باس. سەرەڕای ئەو فرسەتە مێژووییە، تا ئێستاش سیاسەتی فێدراڵیزمی حیزبی دێمۆکرات، جووڵانەوەی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەمتازۆر دەکات بە پاشکۆی هێزە ئێرانییەکان، هەر وەک چۆن تا ئیستا سیاسەتی حیزب (هێزەکانی دیکەش) لە کوردستاندا، نەیتوانیوە سیاسەتێکی سەربەخۆ و نەتەوەیی گەڵاڵە بکات کە لە کردەوەدا پاشکۆ و وابەستەی هەڵوێست و بەرنامەی هێزە ئێرانییەکان نەبێت. کە وایە ئاڵترناتیڤێکی شیاو دوای ئەو گۆڕانکارییە بۆ حیزب ئەوە بوو کە بۆ خۆی بێچم و پرۆفایلێکی تەواو نەتەوەیی ساز بکات و پێناسەی سەرەکی، حیزبێکی کوردستانی بێت، نەک حیزبێکی کوردستانی ئێران. ئەو پێناسەیە دەیتوانی تا ڕادەیەک بۆشایی ئەو قەیرانە گشتییە پڕ کاتەوە کە بەرۆکی هەموو حیزبەکانی گرتووە و لە لایەکی دیکەشەوە، ستراتێژییەکی وا حیزبی ناچار دەکرد گەڵاڵەکی نەتەوەیی داڕێژێ و خۆی وەک پاشکۆیەک لە سیاسەتی ئێران داببڕێ. دیارە مەبەست لەو قسەیە ئەوە نییە کە حیزب دەبوایە لەپڕ داوای سەربەخۆیی کردبا و هیچ پێوەندییەکی بە هێزە ئێرانییەکان نەمابا، بەڵکو مەبەست زیاتر ئەوەیە کە حیزب وەک هێزێکی کوردستانی لەسەر بنەمای ستراتێژییەکی ئاشکرای نەتەوەیی و دەوڵەتخواز لەگەڵ هێزەکانی دیکە دانیشتبا و دواتر سیاسەتی ڕۆژانەی بە گوێرەی هاوسەنگی هێزەکان ڕێکخستبا.

2. هۆکارە ناوەکییەکان

ئەگەر ئێمە ئەو فاکتۆرە گشتییانە بەجێ بێڵین و سەیرێکی فاکتۆرە خۆماڵییەکان بکەین، ئەوسا ڕەنگبێ چوار فاکتۆری گرینگ دەوریان لەو قەیرانەدا هەبووبێ.

1. گۆڕانکارییەکانی باشووری کوردستان، کە هەم لایەنی پۆزیتڤی هەبووە و هەمیش هەندێ لایەنی نێگاتیڤ.
2. گۆڕانکارییە دێمۆگرافییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە گۆڕانکارییەی تا ڕادەیەک ساختاری لە کوردستاندا ساز کردووە.
3. پەرەسەندنی ئەمرازی نوێی پێوەندی و بەتایبەت ئینترنێت
4. خاسڵەتی چەکداری حیزب و تەشکیلاتی حیزبێکی چەکداری

ناسیونالیزمی کوردی لە کردەوەدا

کە دەگەڕێتەوە سەر لایەنێکی پۆزیتیڤی گۆڕانکارییەکانی باشوور، واتە بەتینخستن و باڵاکردنی هەستی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، حیزب لەو ڕەتەدا وەدوا کەوت. واتە کاتێ ئەو هەستە لە ناوەوەی کوردستان بەهێزتر دەبوو، درووشمی خودموختاری وەڵامی ئەو پێداویستییەی نەدەداوە. حیزب نەیتوانی بە خێرایی سیاسەتێکی نەتەوەیی وا گەڵاڵە بکات کە لەگەڵ خێرایی هەستی نەتەوەیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاوگونجاو بێت. هەڵبەت ئەوە بەو مانایە نییە (کە هەندێ پێیان وایە) هەستی نەتەوەیی لە کوردستان ئەوەندە بە هێزە کە هەموو خەڵک داوای سەربەخۆیی دەکەن، بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە لەو گۆڕانکارییانەدا بەستێنێکی لەبار گونجا بۆ ڕێکخستن و گەڵاڵەکردنی بیرۆکەیەکی نەتەوەیی کوردستانی کە حیزب یان هێزەکانی دیکە نەیانتوانی کەڵکی لێوەرگرن.

ڕەهەندێکی گرینگی دیکە کەدەبێ سەرنجی بدرێتێ ئەوەیە کە لە باشووری کوردستان دەسەڵاتێک و نەزمێک خەریکە سەقامگیر دەبێ. ناسیۆنالیزمی کوردی لەو بەشەدا هەم دەسەڵاتێکی هەیە و هەمیش تا ڕادەیەک شەرعییەتێکی نێونەتەوەیی بۆ خۆی ساز کردووە. لەو ڕەوتەدا تا ئێستا هیچ کەس ناتوانێ بە دڵنیاییەوە ئاراستەی گۆڕانکارییەکان پێشبینی بکات. داهاتووی ئەو دەسەڵاتە بە زۆر هۆ و فاکتۆری ناوەکی و دەرەکی بەستراوەتەوە و هەر بۆیەش تەنیا بە گوێرەی مەیل و ئارەزووەکانی ئێمە ناچێتە پێش. لەو حاڵەدا ئەوە هەڵەیە کە ئێمە بمانەوێ کۆپییەک لەو تەجروبەیە هەڵگرین. بارودۆخی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان جیاوازیی زۆریان هەیە و بۆیەش ئێمە نابێ لە گەڵاڵەکردنی ستراتێژی سیاسیماندا تەنیا باشوور وەک سەرمەشق و نموونە هەڵبژێرین. ئەوە هەڵبەت بە مانای گرینگی ئەو تەجرووبەیە نییە، بەڵکو تەنیا بەو مانایەیە کە ڕەوتی سیاسی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان مەرج نییە بە یەک دەراو و بەستێنی هاووێنەدا بڕۆن.

لایەنێکی نێگاتیڤی دەسکەوتەکانی باشوور داکێشانی خەونی ناسیونالیزم و پیرۆزی کوردایەتی بە سەر ئەرزی واقعدا بوو کە لە کردەوەدا، خەڵکانێکی زۆر، بەتایبەت ئەو کوردانەی کە پێوەندییەکی نزیکیان بە باشووری کوردستانەوە هەیە، تووشی ناهومێدی کرد. لەو نێوەدا بەتایبەت دیاردەی گەندەڵی دەورێکی زۆری هەبووە و تا ڕادەیەکی زۆر وێنەی پێشووی خەڵکی لە حیزبایەتی گۆڕیوە. لەو ڕەوتەدا بەداخەوە حیزبی دێمۆکرات نەیتوانیوە لە کردەوە و لە چالاکییەکانیدا سنوورێکی بەرچاو بکێشێ و زەینییەتێکی دیکە لە ناو خەڵکدا سەبارەت بە حیزبایەتی ساز بکات. چالاکی حیزب بە گشتی لەو ساڵانەی دواییدا زۆر بەرچاو نەبووە و پێوەندییەکانی حیزبیش بە ناوەوەی وڵات، لە بەراوردێک لەگەڵ ئەو ئیمکاناتە نوێیانەی پێوەندی کە هاتوونەتە ئاراْ، زۆر کەم بووە.

خۆئامادەکردن بۆ حکومەتداری

کارتێکەرییەکی نێگاتف و مەنفی دیکەی ئاڵوگۆڕەکانی باشووری کوردستان لەوەدا بوو کە لە پڕ و دوای ڕووداوەکانی باشووور و بەتایبەت دوای ڕووخانی سەددام، سیاسەتی حیزبە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات بووە بە چەشنە بەدواکەوتنێکی ڕووداوەکان. ئەو هێزانە وا پێدەچێ کە سیاسەتی ئەمریکا (کە خۆی پڕییەتی لە زیگزاگ و ناڕوونی) بە تاکە ئالترناتیڤ بزانن و ئەوەش بە ئاشکرا لە خوێندەوەی ساکار و ڕووکەشانەی حیزبی دێمۆکرات لە سیاسەتی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەدی دەکرێت. لەو ڕەوتەدا، پڕکردنەوەی بۆشایی حیزب و کۆمەڵگای کوردستان پشتگوێ خرا، چونکو هەموو لایەک وایان داناوە کە گۆڕانکارییەکی خێرا لە ئێران ڕوو دەدات و ئەو گۆڕانکارییەش، هەمان ستروکتوری سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دادەمەزرێنی کە لە باشووردا نموونەی هەیە. واتە سەرشاری ئەو بۆچوونە ئەوە بوو کە حیزب چونکو هێزی سەرەکی جووڵانەوەی کوردییە، لەو گۆڕانکارییانەدا، ئۆتوماتیک، هێزی سەرەکی حکومەتی داهاتووی کوردستانیش دەگرێتە دەست. ئەو بۆچوونە لانی کەم سێ زەرەری فرەە گەورەی تا ئێستا بەدواوە بووە. یەکەم، حیزبی تووشی چەشنە ئارۆگانس و خۆبەزلبینییەک کردووە کە نەتەنیا کارکردن بۆ یەکێتییەکی نەتەوەیی پشتگوێ خستووە، بەڵکو هەر لە ئێستاوە شەڕی دابەشینی کورسی و پلە حکومەتییەکانی داهاتوو لەگەڵ حیزبەکانی دیکەدا دەکات (هەڵبەت حیزبەکانی دیکەش هەر بەو چەشنە دەڕواننە کێشەکە) . دووەم، حیزب هەوڵی ڕێکخستنێکی نوێ و سازکردنی تەشکیلاتێکی جیاوازی مەدەنی نەکردۆتە بە ڕۆژەڤی کاری خۆی و بەم چەشنە بۆشایی نێوان حیزب و خەڵک هەر وەک خۆی ماوەتەوە و بەتایبەت، حیزب نەیتوانیوە پێوەندییەکی زیندوو و ئۆرگانیک لەگەڵ توێژی لاو و ڕۆشنبیری و ژنانی کوردستان بگرێ کە لە داهاتوودا ئەگەر حیزب دەسەڵاتی سیاسیشی بکەوێتە دەست، ناچارە هەر لەو توێژە پسپۆر و کارزانە کەڵک وەرگرێت. سێیەم زیانی گەورە ئەوە بووە کە حیزب بەرە بەرە تووشی ڕاستئاژۆیی هاتووە. واتە لە کردەوەدا هەر چەشنە ڕوانینێکی ڕەخنەگرانەی بە سیاسەتی

ئەمریکا یان باسکردنی بەشێ لەو پرینسیپە عەدالەتخوازانەی کە هەمیشە ماکێکی سەرەکی پێناسەی حیزب بوو، وەلا نا و بووە بە حیزبێک کە پێیوایە (ئەگەر پێشی وا نەبێت، لە کردەوەدا وا رەفتار دەکات) سیاسەت لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ساز دەبێت. دیارە ئێمە نکۆڵی لە گرینگی ڕۆڵی ئەمریکا لە ناوچەدا ناکەین، بەڵکو زیاتر مەبەستمان ئەوەیە کە حیزب دەبوایە لێکدانەوەیەکی سەربەخۆی هەبا؛ دەبوا حیزب پلان و گەڵاڵەیەکی کردەوەیی بۆ سناریۆکانی دیکە هەبا کە ڕەنگبێ بەشێک نەبن لە سناریۆی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا.

گۆڕانکارییە دێمۆگرافی، کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی کوردستان

لە دوای شۆڕشی ئێران، حیزبی دێمۆکرات بە گشتی بە هۆی سیاسەتی سەرەڕۆیانە و گەلکووژانەی کۆماری ئیسلامی، لە دەرەوەی مەیدانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕۆژانەی خەڵکی کوردستاندا بوو. خودی شەڕی چەکداریش ئەو مەودایە زیاتر کرد، چونکو یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی شەڕی چەکداری، دووربوونەوەی حیزبێکە لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵک. لەو نێوە و لەو ماوەیەدا هەندێ گۆڕانکاری گرینگ لە کوردستان ڕوویان داوە کە حیزب نە زۆر بە جددی سەرنجی داونەتێ و نە ستروکتوری حیزبی لەگەڵ ئەو گۆرانکارییەدا گونجاوە. دەکرێ لەم نێوەدا وەک نموونە ئاماژە بە چەند گۆڕانکاری گرینگ بکرێت.

یەکەم گۆڕانکاری پێوەندی بە دەوری ژنانەوە هەیە. کۆماری ئیسلامی سەرەرای هەموو جنایەت و تاوانەکانی لە شەڕ و ململانییەکی نەپچڕاو دابووە لە گەڵ دانیشتوانی ئێران. ئەو شەڕ و ململانییە و هەندێ فاکتۆری دیکە، گۆڕانکاری وای بە سەر ئێران و کوردستاندا هێناوە کە سیمای ئەو وڵاتەی لە بەراورد لەگەڵ سالانی سەرەتای شۆڕشدا زۆر گۆڕیوە. بۆ وێنە ئێستا ئیمە لە کوردستان توێژێکی چالاکی ژنان و کۆمەڵێ ڕێکخراوی چالاکی ژنانمان هەیە کە بۆ ئازادی و مافەکانی خۆیان (دیارە لە چوارچێوەیەکی بەربەست و وێڕای دەیان ئاستەنگ) خەبات دەکەن. ئەو مەسەلەیە زۆر گرینگە، چونکو ئەو گۆڕانکارییانە لە ساختاری سیاسی کوردستاندا ڕەنگدانەوەیان هەبووە و دوور نەڕۆین لە بەراوردێکی نێوان ژمارەی ئەندامانی ژن لە مەجلیسی شورای ئیسلامی ئێران و کۆمیتەی ناوەندی حیزب، تەرازووەکەی بەداخەوە سەرەڕای سێکولاریزم و ئیدیعای سوسیالدێمۆکراتبوونی حیزب، بە زەرەری حیزب دەشکێتەوە.

دووەم. حکومەتی ئیسلامی توانی بەپێچەوانەی بۆچوونی هەمووی ئێمە، خۆی ڕابگرێ و ئیستا نزیکەی سی ساڵە دەسەڵاتی بەدەستەوەیە. سی ساڵ! ئەو واقعە تاڵە ئەنجامی تایبەتی خۆی هەبووە. ئەو وەزعە لە لایەکەوە بەرەبەرە خەڵکی ناچار کردووە چەشنە چالاکییەکی سیاسیی جیاواز لە شەڕی چەکداری هەڵبژێرن. ئەو هێزانە، هەر ناوێکیان لە سەر بێت، لە مەیدانی سیاسەتی کوردیدا دەمێننەوە و دەبێ ئێمە ئەوە لای خۆمان بسەلمێنین کە سبەی، ئەگەر حکومەت بگۆڕێ و حیزبی دێمۆکرات بە تەنیاش بێتە سەر دەسەڵات، ئەو هێزە کوردستانییانە (ئێمرۆ کەمتر روخساری ڕێکخراوەییان هەیە، بەڵام وەک فکر و بیرۆکە هەن و دەوریش دەگێڕن) دەبێ لە سیاسەتدا حسێبیان بۆ بکرێ. با ئەوەش بڵێین کە مانەوەی حکومەت و ماوەی دوورودرێژی ئەو دەسەڵاتدارییە، ڕوانگەی خەڵکی سەبارەت بە خەبات، شێوەکانی خەبات و تەنانەت ئامانجەکانی ئەو خەباتە تووشی گۆڕان کردووە. ئەوە بەو مانایە نییە کە ئێمە نکۆڵی لە شیمانە جیاوازەکانی گۆڕانکاری لە کوردستان بکەین، بەڵام تەجرووبەی شۆڕش و تەجرووبەی گۆڕانکارییەکانی دوای کۆتایی شەڕی سارد، شێوە ڕوانینێکی جیاواز لە بیست ساڵ لەمەوبەری سەبارەت بە ئەمرازەکانی گەیشتن بەو ئامانجانە لای خەڵک ساز کردووە.

سێیەم، لەو بیست سی ساڵەدا ستروکتوری دێمۆگرافی کوردستان تووشی گۆڕینێکی بەرچاو هاتووە. لە لایەکەوە ڕێژەی ئەندامانی لاو فرە چۆتە سەر و لە لایەکی دیکەشەوە، ژمارەی خوێندەوار و ئاستی

بالای خوێنده‌واری له گه‌ڵ سه‌روبه‌ندی شۆڕش به‌راورد ناكرێت. ئه‌گه‌ر ئێمه سه‌یرێكی سه‌رپێی ئه‌و گۆڤار و ڕۆژنامانه بكه‌ین كه له ڕۆژهه‌ڵاتی كوردستان ده‌رده‌چن، ده‌بینین كه ئێستا به سه‌دان كادر و دوكتۆرا و پسپۆڕی بواری جیاواز خه‌ریكی كار و چالاكین. له‌و پێوه‌ندییه‌شدا حیزب گۆڕانێكی ئه‌وتۆی به‌سه‌ردا نه‌هاتووه. واته ڕێژه‌ی خوینده‌واری گشتی ئه‌ندامانی حیزب زۆر زۆر له ژێره‌وه‌ی ڕاده‌ی خوێنده‌واری ئیمڕۆی خه‌ڵكی كوردستانه. كه ده‌گه‌ڕێته‌وه سه‌ر ڕێژه‌ی ته‌مه‌نیش، هه‌ر ئه‌و دیارده‌یه به‌رچاوه و حیزب به‌داخه‌وه نه‌یتوانیوه خۆی گه‌نج بكاته‌وه.
به كورتی ده‌توانین بڵێین كه له‌و ماوه‌یه‌دا ڕه‌نگدانه‌وه‌ی ئه‌و گۆڕانكارییه گرینگ و بنه‌ڕه‌تییانه له حیزبی دێمۆكراتی كوردستاندا فره لاواز و كه‌مڕه‌نگ بوون. حیزب نه له ڕووی ڕاهێنان و په‌روه‌رده‌كردنی كادر و نه له ڕووی ئاستی به‌شداری چالاكی ژنان و نه له ئاستی بردنه‌سه‌ری ڕێژه‌ی لاوان له سه‌ركردایه‌تیدا نه‌یتوانیوه له قه‌ده‌ر پێداویستییه‌كان هه‌نگاو بنێته‌وه و له‌و ڕه‌وته زۆر دوا كه‌وتووه. حیزبی دێمۆكرات به‌داخه‌وه له ئاستی گۆڕینی ساختاری ته‌شكیلاتیشدا هه‌ر ئه‌و له‌دوامانه‌وه پێوه دیاره و نه‌یتوانیوه خۆی له‌گه‌ڵ شێوه خه‌باتێكی زیاتر مه‌ده‌نی و جیاواز بگونجێنێ. هه‌مان دیارده له سازكردنی پێوه‌ندییه‌كی تۆكمه و زیندوو به ڕۆشنبیران و چالاكانی سیاسی ناوه‌وه‌ش به‌دی ده‌كرێت. هه‌مووی ئه‌و فاكته‌رانه نیشان ده‌ده‌ن كه به پێچه‌وانه‌ی ڕامانی ئاسایی كه حیزب ده‌بێ پێشه‌نگی خه‌ڵك و ده‌ستپێشخه‌ری ڕیفۆرم و گۆڕانكاری بێت، له كرده‌وه‌دا تووشی قه‌تیسمانێك هاتووه كه له ڕاستیدا ئه‌نجامه‌كانی له داهاتوودا زیاتر به‌ده‌ر ده‌كه‌ون.
گۆڕانێكی چۆنایه‌تی له پێوه‌ندییه‌كاندا
له‌و چه‌ند ساڵه‌ی دواییدا و به‌تایبه‌ت به سه‌رهه‌ڵدانی ساته‌لیت و جۆری جیاوازی ئه‌مرازه‌كانی كۆمونیكه‌یشن و پێوه‌ندی و به‌تایبه‌ت ئینترنێت، ده‌راوێكی نوێ بۆ پێوه‌ندییه‌كان و بۆ ئاگاداری خه‌ڵك له بارودۆخی سیاسی ساز بووه كه بیست ساڵ له‌مه‌وبه‌ر كه‌س به خه‌ونیش نه‌یده‌بینی. ئێستا هیچ حیزبێك پێویست ناكا بۆ بڵاوكردنه‌وه‌ی هه‌ڵویستێك یان به‌یاننامه‌یه‌ك گیانی ئه‌ندامانی خۆی له مه‌ترسی باوێ، به‌ڵكو ده‌توانێ به خێراترین شێوه، سیاسه‌ت و هه‌ڵوێسته‌كانی خۆی له ڕێگه‌ی ئینترنێت، ته‌له‌ڤیزیۆن و ڕادیۆ به گوێ هه‌موو كوردێك بگه‌یه‌نێ.
ئه‌و گۆڕانكارییانه مه‌ودای نێوان سیاسه‌ت و ژیانی ئاساییان گۆڕیوه و له هه‌مان كاتیشدا، ئه‌و ئیمكانه‌یان بۆ خه‌ڵكی ئاسایی مه‌یسه‌ر كردووه كه خۆیان بتوانین به‌راوه‌ردێك له نێوان سیاسه‌تی حیزبه‌كاندا بكه‌ن و ئاگاداری گۆڕانكارییه‌كان بن. ئه‌و ئه‌مرازانه ئه‌وه‌شیان بۆ خه‌ڵك مه‌یسه‌ر كردووه كه به شێوه‌یه‌كی هاسان ئاگاداری بارودۆخی ناو حیزبه‌كان و سیاسه‌تی ئه‌و حیزبانه بن و به‌تایبه‌ت، ڕێگه‌ی بۆ ئه‌وه كردۆته‌وه كه خه‌ڵكانی دانیشتووی ده‌ره‌وه‌ی وڵات به سانایی پێوه‌ندییه‌كانیان له‌گه‌ڵ ناوه‌وه‌ی وڵات ڕابگرن. هه‌ر له‌و پێوه‌ندییه‌شدا نابێ هاتووچۆی خه‌ڵك بۆ ده‌ره‌وه‌ی وڵات و سه‌ردانی خه‌ڵكی ده‌ره‌وه‌ی وڵات بۆ ناوه‌وه به كه‌م بگیرێ. ئه‌و پێوه‌ندییانه له زۆر ڕووه‌وه مه‌ودای پێشووی نێوان نوخبه‌یه‌كی سیاسی و خه‌ڵكی ئاساییان گۆڕیوه.
له‌و پێوه‌ندییه‌دا ڕاگرتن و پێداگرتن له سه‌ر ساختارێكی نادێمۆكراتیكی وه‌ك سانترالیزمی دێمۆكراتیك له حیزبێكدا ناكرێ به جددی بگرترێ. ئێمڕۆ ئێمه ناتوانین به بیانووی كاری نه‌هێنی و پاراستینی نه‌هێنییه‌كان به‌رۆكی هه‌موو كه‌س بگرین و ڕێگه له دیالۆگ و باسێكی ئاشكرا ببه‌ستین. ته‌جرووبه‌ی ئه‌و سالانه‌ی دواییدا ئه‌وه نیشان ده‌ده‌ن كه هه‌موو چه‌شنه هه‌ولێكی وا ته‌نیا ئه‌نجامی پێچه‌وانه‌ی ده‌بێت. ئێمڕۆ ته‌نانه‌ت كۆماری ئیسلامیش له كرده‌وه‌دا ملی بۆ ئه‌و ڕاستییه دانواندووه. به چاوپێكه‌شاندنێكی خێرا به گۆڤار و ڕۆژنامه‌كانی كوردی له ڕۆژهه‌ڵاتی كوردستان ئه‌و ڕاستییه به باشی ده‌رده‌كه‌وێ. ئه‌و گۆڕانكارییه ئه‌وه‌ش ده‌سه‌لمێنن كه كرانه‌وه‌ی ڕێژه‌یی ئه‌و كه‌شه تا چ ڕاده‌یه‌ك ئاستی

ڕۆشنبیری باس و دانوستاندنەکانی بردۆتە سەرێ و بۆ ئەوەش ئێمە نموونەمان لە ناو ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێبەکانی ناوەوەی وڵات کەم نییە.
ئێمرۆ حیزبی دێمۆکرات دەتوانێ ڕێگە لەو باسانە لە ناو تەشکیلاتی خۆیدا بگرێ، بەڵام وەک هەموومان لەو دواییانەدا شاهید بووین، ئەو باسانە دێنە دەر و لە ڕێگەی ماڵپەر و ڕاگەیاندنە گشتییە ناحیزبییەکاندا بڵاو دەبنەوە. کەوایە سانترالیزمی دێمۆکراتیک و ئەو چەشنە بەربەست سازکردنانە لە بەر دەم گفتگۆ و دیالۆگێکی سازندە، تەنیا پرستیژی حیزب بریندار دەکەن، ئەگینا ناتوانن پێشی بڵاوبوونەوەی بیروڕا و جیاوازییەکان بگرن.
شەری چەکداری
هۆکارێکی دیکەی ئەو قەیرانە، کۆتایی شەڕی چەکدارییە. حیزب کە بە ساڵانی ساڵ لە خەباتی چەکداری لەگەڵ دەوڵەتی کۆنەپەرستی ئیسلامی ئێراندا بوو و بە پلەی یەکەم، هێز و وزەی خۆی بۆ ئەو خەباتە تەرخان کردبوو. شەڕی چەکداریش بە شێوەیەکی سەرەکی لە دەرەوەی شارەکان بەڕیوە دەچوو. لەو ڕەوتەدا، بەتایبەت دوای ئەوەی کۆماری ئیسلامی توانی خۆی سەقامگیر بکات، حیزبی دێمۆکرات پێوەندی خۆی لەگەڵ شارەکانی کوردستان و کەش و نەبزی ئەو گۆڕانکارییانە پچڕا.
لەو ساڵانەی دوایی حیزب بە هۆی جیاواز چالاکییەکانی چەکداری خۆی بەرەبەرە کەم کردەوە و لە کۆتایشدا، بە کردەوە و بە درووستی، شەڕی چەکداری لەو قۆناغەی ئێستادا وەلا ناوە. ئەو سیاسەتە هەڵە نەبوو، بەڵام گرفتی حیزب دوای ئەو قۆناغە ئەوە بوو و ئەوەیە کە حیزب، ساختاری حیزب و تەنانەت مێنتالیتە و توانستی حیزب لەگەڵ شێوەی چەکداری خەبات ڕاهاتبوو و تا ئێستاش لەگەڵ ئەو شیوەیە گونجاوترە و حیزب لەو بوارەدا نەیتوانی ئەو گوازتنەوەیە لە تەشکیلات و ساختاری فکری و سیاسی خۆشیدا پێکبێنێ.
لەو گۆڕانکارییانەی دواییدا، زۆربەی ئەو حیزبانەی کە ساختاریان لەسەر ئەساسی شەڕی چەکداری و کاری نەهێنی دامەزرابوو، لە پڕ خۆیان لە قۆناغێکی دیکەدا بینییەوە. چەکداربوونی ئەو هێزانە ئێستا تەنیا لە ئاستی ژێستێکدا ماوەتەوە. مێژووی شەڕی چەکداریش، کادری تایبەتی خۆی دەویست، ڕووحییەی تایبەتی خۆی دەویست و بە نۆرەی خۆشی، بەداخەوە کەش و فەزای تایبەت بە خۆشی ساز دەکرد. ئەنجامی شەڕی چەکداری و سیاسەتی چەکدارانە لە هەموو شوێنێکی دنیا، کپکردنەوەی کەشی دێمۆکراسی ناو حیزبی و ڕووحییەی دێمۆکراتیانە بووە. ئەوە نە تەنیا لە ئاست حیزبی دێمۆکرات و باقی حیزبە سیاسییە کوردییەکاندا ڕاستە، بەڵکو لە ئاست هەموو جووڵانەوەیەکی چەکداریدا ڕاستە. لە بەشێک لە ئەمریکای لاتین، ئەو گۆڕانکارییە نوێیە، تەنانەت بەشێ لە هێزە چەکدارە چەپەکانی ئەو وڵاتانەی کردۆتە بە ماملەچی مەوادی سڕکەر و شەریکی کارتەلە گەورەکانی نارکۆتیکا لە ئاستێکی باننەتەوەییدا.
هەر ئەوەش یەکێ لەو هۆیانە بووە کە حیزب نەیتوانیوە خۆی لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییە دێمۆگرافییانە ڕابێنێ و بگونجێنێ کە لە سەرەوە باسمان کرد. هەڵبەت ئەو کەموکووڕییانە نابێ تەنیا بخرێنە ئەستۆی سستی یان سەرنج نەدان و پشتگوێ خستنی گرینگی ئەو ئەرکە لە لایەن حیزبەوە، ئەگەرچی ئەو کەموکووڕیانە تا ڕادەیەک پێوەندییان بە لێکدانە و هەڵسەنگاندنە سیاسییەکانی حیزبەوە هەیە.
بەڵام هۆیەکی دیکە، پێوەندی بە کەمبوون و یان نەبوونی کادری شارەزای ئەو بوارانەوە هەیە. ئێمە هەموومان دەزانین کە حیزبی دێمۆکرات وەک حیزبێکی چەکداری بە ساڵانی ساڵ لە دەرەوەی شارەکاندا بووە و کادرەکانی بە پلەی یەکەم کادری نیزامی و شارەزای شەڕی چەکدارین. کاری سیاسی و مەدەنی لەو بوارە نوێیانەدا و بەتایبەت کار لە شارەکان و لە نێو نەوەی کچ و کوڕی لاودا، پێویستی بە کادری نوێ و جیاواز هەیە.

ساختاری تەشکیلاتی و سانترالیزمی (نا) دێمۆکراتیک

ساختاری حیزبی دێمۆکرات وەک زۆربەی حیزبەکانی دیکەی ناوچە، لە سەر بنەمای سانترالیزمی دێمۆکراتیک دامەزراوە. سانترالیزمی دێمۆکراتیک لە بنەڕەتدا، شێوەیەکی زۆر نادێمۆکراتیکی تەشکیلاتییە و لە هەموو شوێنێکیش، سەرەڕۆیی، تەسفییە، کپکردنی دەنگی بەرهەڵستکاران و کەشێکی نادێمۆکراتی بەرهەم هێناوەتەوە. کە دێتە سەر مەسەلەی سانترالیزمی دێمۆکراتیک با ئەوەمان لەیاد نەچێت کە ئەو ساختارە بە سەر حیزبدا دانەسەپاوە، بەڵکو ئەو ساختارە لە گەڵ کەش و ڕوحیە و ساختاری کۆمەڵایەتی کوردستان گوونجاوتر بووە. بەڵام کۆتایی شەڕی چەکداری لە لایەکەوە و پەرەسەندنی ئەمرازەکانی کۆمونیکەیشن و پێوەندی لە لایەکی دیکەوە، کەشێکی وای ساز کردووە، کە ئیتر ناکرێ وەک جاران و بە تۆبزی ئەو ساختارە لێنینییە بەسەر حیزبێکی زیندوودا بسەپێندرێت.

ئەو گۆڕانکارییانە تەنانەت کۆماری ئیسلامی ناچار بە زۆر شت کردووە و هەر ئێستا لە کوردستاندا، سەرەڕای سەرەڕۆیی و سەرەڕای تاوانکارییەکانی ڕژێم، خەڵک زۆر بە ئاشکرا و تەنانەت بە نووسین و بە فەرمیش نارەزایەتی خۆیان دەردەبڕن. ئێمە تەنانەت لە مەجلیسی شوڕای ئیسلامی ئێراندا فراکسیۆنی کوردەکانمان هەیە. ئەو گۆڕانکارییە بە مانای دێمۆکراتتربوونی حکومەتی ئیسلامی نییە، بەڵکو بە مانای تەسلیمبوونی ئەو بە واقعێکە کە تەنانەت ڕژیمی ئێرانیش ناتوانێ نکۆڵی لێ بکات.

کێشەکانی تەشکیلاتی حیزب بەر لە هەموو شت، ئەنجامی کێشە سیاسی و کەمووکووڕییەکانی دیکەی حیزبین. لەو ڕووەوە ڕەنگبێ بەرجەستەبوونەوەی کێشەی تەشکیلاتی بەشێکی بەهۆی کۆنکرێتتربوونی گرفتەکان بێت. بەو مانایە کە حیزب و ئاڕاستە جیاوازەکانی ناو حیزب لە کاتێکدا کە ناتوانن خۆیان خەریکی لێکدانەوە فکری و سیاسییەکان بکەن، وا کێشە تەشکیلاتییەکان، هاسانترین و نزیکترین دەراون بۆ دەربڕینی ئەو قەیرانە. ئەگەر ئەو لێکدانەوەیە ڕاست بێت، وا دەتوانێ دوو ئەنجامی لێ وەرگیرێ. یەکەم. حیزب ناتوانێ چارەسەری کێشە و گرفتی تەشکیلاتی بکات تا کاتێک ماڵئاوایی لە بەشێ لە بنەما فکرییەکانی ئەو بنەما تەشکیلاتییانە نەکردووە. دووەم، ئەگەر حیزب ببێتە بە دوو حیزبیش، ئەو نادێمۆکراتییە و کەموکوڕییانە لە هەر دوو بەشدا هەر درێژە بە ژیانی خۆیان دەدەن.

شیمانەیەکی مەترسیدار

با لە کۆتاییدا ئاماژە بە گریمانەیەک بکەین کە ڕەنگبێ ئێستا شیمانەی ڕوودانی دوور بێت یان هەرگیز ڕوو نەدات، بەڵام وەک حیزبی سیاسی، دەبێ ئامادەیی بۆ سناریۆیەکی وا هەبێت.

حیزبی دێمۆکرات لە سێ بەستێنی جیاوازدا خەریکی کار و چالاکییە: لە ناوەوە، لە دەرەوە و لە باشووری کوردستان. هەر وەک باسمان کرد، کاری حیزب لە ناوەوەی وڵات فرە لاوازە و لە دەرەوەش کارێکی ئەوتۆیی سیستماتیک بۆ زیندوکردنەوەی حیزب و چالاکترکردنی نەکراوە. بەو مانایە کاکڵی کار و چالاکییەکانی حیزبی دێمۆکرات ئێستا لە باشووری کوردستان چڕ بۆتەوە. ئەوەش ئەگەرچی ئیمکانێکی باشتر لە جارانی بۆ حاوانەی حیزب پێکهێناوە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا ئەو وەزعە لە هەندێ ڕووەوە، بە پێی هەندێ پێوەندی دیپلۆماسی و باری تایبەتی باشووری کوردستان، دەست و باڵی حیزبی دێمۆکراتیان بەستووە. ئەوە بەتایبەت کاتێک ئەنجامەکانی دەردەکەوێ کە ئەگەر لە داهاتوودا ڕەوتی گۆڕانکارییەکان بە شیوەیەک بن کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ببێتە قوربانی دەسکەوتێکی مێژوویی لە باشوور. ئەوکات حیزب لە پڕ دەکەوێتە بەردەم واقعێک کە ئامادەیی بۆ نەبووە. بەو هۆیەشەوە ئەوە ئەرکی هەموو حیزبێکی کوردستانی ڕۆژهەڵاتە کە هەر لە ئێستاوە وزەی سەرەکی خۆی بۆ ڕێکخستن و خۆخزاندنی خۆی بۆ ناو کوردستان تەرخان بکات. ئەوەش مەرج نییە تەنیا بە ناوی حیزبێکی سیاسی و لە شێوەی پێوەندییەکی سیاسی و ڕاستەوخۆدا بێت، بەڵام حیزب دەبێ خۆی بۆ سیناریۆیەکی وا ئامادە

بکات. دیارە باسی ئەوە نییە کە ئێستا شتێکی وا لە ئارا دایە، بەڵام لە سیاسەتدا و بە گوێرەی ئەو گۆڕانکارییانەی لەو دواییانەدا ڕوویان داوە، نابێ ڕەوتێکی وا بە شتێکی مەحاڵ دابندرێ.

ئەنجامگیری

با پاش ئەو باسە درێژە، بگەڕێینەوە سەر هەندێ خاڵی کۆنکرێت و ئەو دوو پرسیارەی کە لە سەرەتادا ئاراستە کران.

ئایا تا ئێستا شێمانەی پێکەوەسازان و بەیەکەوە ژیانی ئەو دوو لاباڵە لە حیزبی دێموکراتدا ماوە و ئەگەر ئا، چۆن دەکرێ ئەو قەیرانە زیانمەندەی ئێستا بگوێزرێتە ناو دەراوێکی ململانی سیاسی و فکری دۆستانە و بەرهەمهێنەر؟

بە بڕوای ئێمە، ئەرێ. هاوژیانییەکی وا بە هەموو دژواری و ئاڵۆزییەکانییەوە تا ئێستاش مومکینە. بەڵام بۆ ئەوەی ئەو هاوژیانییە مومکین بێت، پێویستە حیزب لە هەندێ بواردا بە خۆیدا بچێتەوە و لە هەندێ ڕیفۆرم و گۆڕانکاری سڵ نەکات. تا ئێستا خەڵکانێکی زۆر، هەم لە ناوەوە و هەمیش لە دەرەوەی حیزبدا، بە پێشنیاری کۆنکرێت و هەروەها بە ڕاگەیاندنی ئامادەیی خۆیان بۆ هەموو چەشنە یارمەتییەک، دڵسۆزی خۆیان بەرانبەر بە حیزب و چارەنووسی ئەو حیزبە ڕاگەیاندووە. ئێستا لە ڕاستیدا ئەوە نۆرەی خودی حیزبی دێموکراتە کە نیشان بدات بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتانە تا چەند ئامادەیە بەهرە و سوود لەو هێزانە وەربگرێ.

حیزب ئێستا لە بەرانبەر دوو ڕێیانییەکدا ڕاوەستاوە. حیزب یان دەبێ خۆی دەستپێشخەر بێت لە هەندێ چاکسازی و ڕیفۆرمدا یانیش درێژە بەو نکۆڵیێیەی لە گرینگی کێشەکانی ناو حیزب بدات و بەو چەشنە داهاتووی حیزب تووشی مەترسی بکات. ئێمە پێمان وایە حیزب ئەگەر بیەوێ هەنگاو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان هەڵگرێ، خاوەنی ئەو هێز و ئیرادەیە هەیە و تەنانەت خەڵکانێکی زۆریش لە دەرەوەی حیزبدا ئامادەن لەو ڕەوتەدا یارمەتی حیزب بدەن.

لەو ڕەوتەدا حیزب دەتوانێ بۆ نیشاندانی دڵسۆزی و هەستی بەرپرسێتی خۆی بۆ وێنە بە ئاشکرا و فەرمی فراکسیۆنی ناوخۆیی بەڕەسمی بناسێ و هەندێ مافی تایبەتیان بۆ دیاری بکات. یان بە پێکهێنانی کۆمیسیۆنێکی مەشوەرەتی پێکهاتوو لە کادرەکانی حیزب و دڵسۆزانی شارەزاری دەرەوەی حیزب، هەوڵ بدات هۆکارەکانی ئەو قەیرانە باشتر دەستنیشان بکات و ڕێگە چارەیان بۆ بدۆزێتەوە. ئەوەی لەو نێوەدا گرینگە ئەوەیە کە حیزب هەنگاو بنێتەوە بۆ هەڵسەنگاندنی دووبارەی بەرنامە و پەیرەوی ناوخۆیی حیزب و هەوڵ بدات ئەو پەیرەوە لەگەڵ بارودۆخی ئێستاکێی کۆمەڵگا و ناوچەدا بگونجێنێ. واتە حیزب دەبێ ڕیفۆرمێکی وا پێکبێنێ کە هەموو ئەندامێک لەو حیزبەدا خۆی بە خانەخوێ بزانێ و لە باسکردنی بیروڕا و کردنەوەی دەرگای دیالۆگ و باسێکی سازندە سڵ نەکات. دیارە پێشمەرجێک بۆ ئەو کارە هێنانەوەی ناوەوەی هەموو ئەو ئەندامانەیە کە بە شێوەی جۆراوجۆر لە تەشیکلاتی حیزب دوور خراونەتەوە. لەو ڕەوتەشدا بە بڕوای ئێمە حیزب هێچ لەوە زەرەر ناکات ئەگەر بە ئاشکرا باس و دیالۆگێک لە گەڵ خەڵکانی دەرەوەی حیزبیش بکاتەوە و ئەو کێشەیە وەک کێشەیەکی فکری جووڵانەوەکە بێنێتە ئارا.

هەڵبەت حیزب ئەگەر لەو ئاستەشدا بە هەر هۆیەک نەتوانێ ئێستا هەنگاوی جددی بنێتەوە، وا دەتوانێ هەولی پێکهێنانی کۆنگرەیەکی ڕیزپەڕ بدات. دیارە ئەوە بە مانای نایاسایی بوونی کۆنگرەی سێزدە یان خود کەمکردنەوەی شەرعییەتی ئەو کۆنگرەیە نییە، بەڵکو بە هۆی تەنینەوە قەیرانێکە کە مەترسی دەخاتە سەر ژیان و چالاکی حیزب و بۆیەش زۆر ئاساییە کە لە کاتێکی وادا ڕێگە بدرێ کۆنگرە بڕیاردەر بێت. هەروەک ئەحمەد عەزیزی بە درووستی ئاماژەی پێداوە، کۆنگرەی سێزدەهەم شەرعییەتی هەیە، بەلام شەرعییەت بەتەنیا پاکانە بۆ هەموو سیاسەتێک ناکات و شەرعییەت نابێ بە

مانای دیمۆکراتبوونی هەموو سیاسەتێکی دوای کۆنگرە بزاندرێ. دیارە کۆنگرەیەکی وا کاتێک مەبیسەرە کە دوو یان چەند بەرنامەی جیاواز گەلاڵە کرابن، چونکو کۆنگرە نابێ ببێتە مەیدانی تەسفییە و زاڵکردنی ئەم یان ئەو لاباڵ، بەڵکو دەبێ ئەو ئۆرگانە بڕیاردەرە بێت و سیاسەتی حیزب بۆ چەند ساڵی داهاتوو دیاری بکات.

یەکێ لە ئەرکەکانی حیزب لەو ماوەیەدا دەبێ هەولی نوێکردنەوەی حیزب بێت لە باری ڕێژەی ئەندامانی لاو و بەشداری چالاکانەی ئەندامانی ژن و هەروەها ڕاکێشانی خەڵکانی زیاتر لە نێو توێژی خوێندەوار و پسپۆر بۆ ناو حیزب. ئەو گۆڕانکارییەش هەڵبەت دەبێ هەم لە خوارەو لەناو جەستەی تەشکیلات و هەمیش لە سەرەوە و لە ئاستی سەرکردایەتیدا بکرێت. لەو ڕەوتەشدا ڕەنگبێ پێشمەرجێکی گرینگ ئەوە بێت کە بەشێ لە ئەندامە بەساڵداچووەکانی ڕێبەرایەتی حیزب زیاتر رۆڵی مەشوەرەتی بگرنە ئەستۆ و ڕێگە بۆ ئەندامانی نوێ و بەشداری ئەوان لە ڕێبەرایەتیدا بکەنەوە.

هەڵبەت بۆ چارەسەرکردنی ئەو قەیرانەی حیزب پێشنیار زۆرن و تا ئێستاش زۆر پێشنیار بە ئاشکرا لە لایەن هەندێ خەڵکانی ناوەوە و دەرەوەی حیزب پێشکەش کراون. ئێمەش بەش بە حاڵی خۆمان ئامادەین لە حاڵەتێکی وادا ئەگەر حیزب خۆی ئەو ئامادەییە هەبێ، لە هیچ یارمەتییەک لە ئاستی توانای خۆمان لە یارمەتیدان بە حیزب و بە مەبەستی چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە، دریغی نەکەین.

با ئەوەش بڵێین کە ڕەنگبێ هەندێ کەس ئەو گۆڕانکارییانە بە ناموکین بزانن، بەڵام هەمووی ئەو پێشنیارانە لە ناو زۆر حیزب و ڕێکخراو کە گرفتاری ململانی ناوخۆیی بوون، پەیرەو کراون و ئەنجامی باشیشیان هەبووە. مومکین بوون یان ناموکینی هەندێ ڕیفۆرم بەوەوە بەستراوەوە کە داخوا ئیرادەی ئەندامان و سەرکردایەتی حیزب بۆ چارەسەری قەیرانەکە چەندەیە. دوور نییە، هەر دوو لایەن ئێستا لە حیزبدا زیاتر لە بیانوویەک بگەڕێن بۆ جیابوونەوە. بەڵام پێشمەرجی مومکین بوونی ئەو ریفۆرمانە، ویست و ئیرادەیەکی بەکۆمەڵی کادرەکانە بۆ ڕاگرتنی یەکپارچەیی حیزب و چارەسەری ئەو قەیرانەی حیزب لەگەڵیدا ڕووبەڕوویە. دیارە لەوانە ڕێگە چارەسەری سادەتر هەبن، بەڵام ئەو جۆرە ڕێگایانە، قەیرانی حیزب چارەسەر ناکەن، بەڵکوو تەنیا وەدوای دەدەن. ئەگەر حیزب بیەوێ کێشەکان تەنیا لە ئاستی ڕێبەراتیدا حەل بکات، بێگومان ئەم جارەیان قەیرانەکە لە جاران زیاتر جەستەی حیزب و کادرەکانی خوارەوەی حیزب دەگرێتەوە.

لە حاڵەتێکدا کە ڕێگەیەک بۆ هاوژیانی بەیەکەوە نەبێت و دابڕان وەک تاکە ڕێگە ببیندرێ، چۆن دەکرێ ئەو جیابوونەوەیە کەمترین خەسارە و زیانی بۆ هەموو لایەک هەبێت؟

هەر وەک باسکرا، جیابوونەوە خۆی لە خۆیدا ناکرێ هەمیشە وەک شتێکی نێگاتیڤ و زیانمەند ببیندرێ. پێشمەرجێک بۆ ئەوەی جیابوونەوە نەبێتە هۆی بەفیرۆچوونی وزەی هەر دووک لایەن، ئەوەیە کە جیابوونەوەکە تا ئەو جێگایەی دەکرێ بە شێوەیەکی مەدەنی و دۆستانە و هەروەها بە پێی ڕێکەوتن ڕوو بدات. ئەوە لەو ڕوویەوە گرینگە کە ئێمە بمانەوێ یان نا، هەر دوو لایەنی حیزب بەشێکن لەو جووڵانەوەیە و ئەو جووڵانەوەیە بۆ سەرکەوتنی پێویستی بە یەکگرتووییەکی نەتەوەیی هەیە و بۆیەش نابێ هەر لە ئێستاوە ڕێگەی هەموو چەشنە هاوکارییەکی پێویست لە داهاتوودا بگرین.

لەوانە گرینگتر ئەوەیە کە ئەگەر حیزب تووشی دابڕان بێت، بۆ خەڵکی دەرەوەی حیزب گرینگە کە بزانن ئەو دابڕانە لە سەر چ بنەمایەکی فکری و سیاسیی ڕووی داوە. ئەگەر کێشەکانی حیزب داکێشرێنە سەر کێشەی تەشکیلاتی و ململانی چەند ئەندامی سەرکردایەتی ئێستا و پێشوو، جیابوونەوەیەکی ئاوا تەنیا ناهومیدی لە دەرەوەی حیزبدا زیاد دەکات. بۆیە ئەگەر قەرار وابێ جیابوونەوەیەکیش ببێت، وا دەبێ لەسەر بنەمای بەرنامەیەکی سیاسی و فکری گەڵاڵەکراو بێت. ئەو

بەرنامەیەش نابێ دوای جیابوونەوە گەڵاڵە بکرێت، بەڵکو دەبێ هەر لە ئێستاوە هێڵە سەرەکییەکانی بە فەرمی و بە ئاشکرا بخرێنە بەر باس.

پلاتفۆرمی نەتەوەیی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

1 ئوکتۆبری 2006